# ڕێبەری حەوتەم – وانەی (٣٥)

| ١ | نوێژ |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) عیبرانیەکان |
|---|---|

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (عیبرانیەکان ٨- ١٠).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .
تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١٥: ٥ |
|---|---|

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ : یۆحەنا ١٥: ٥ .

| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) خزمەت بەپێی بەهرە ڕۆحیەکان |
|---|---|

ئەم فێرکردنانەی خوارەوە تایبەتن بە ڕۆحی پیرۆز :

ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٢ ، وانەی ٢١: سروشتی ڕۆحی پیرۆز وکاری لەنێو خەڵکیداو لەنێو کڵێسادا .

ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٢، پاشکۆی ٢: ڕۆحی پیرۆز یارمەتی باوەڕداران دەدات لەکاتی ئازارو تەنگانەیاندا.

ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٤، وانەی ٤٥ : باپتیزی ڕۆحی پیرۆز ، و پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز ، و بەروبومی ڕۆحی پیرۆز .

ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٧، وانەی ٣٥ : بەهرە ڕۆحیەکانی ڕۆحی پیرۆز.

ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٧، پاشکۆی ٤: بەهرەی ڕۆحیی زیاتر .

**أ. سروشتی بەهرە ڕۆحیەکان وئامانجەکەی**

**<u>١. سروشتی بەهرە ڕۆحیەکان .</u>**

**أ. توانای تایبەت یان ئەرکی تایبەت .**

بەهرەی ڕۆحی ( لە زمانی یۆنانیدا کاریزما) توانایەکی تایبەتە یان ئەرکێکی تایبەتە خودا بە نیعمەتی خۆی دەیبەخشێ و لەخوداوەیە ( ١پەترۆس ٤: ١٠ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ٤- ٦ ، ١١) . بەهرە ڕۆحیەکان کاری ڕۆحی پیرۆزە لە ڕووی ئاسایی و نائاساییەوە لە باوەڕداردا . بەهرەی ڕۆحی بەرهەمی باوەڕدار یان داهێنان وکارامەیی باوەڕدار نیە. هەمیشە گوزارشێکە لە نیعمەتی خودا .

**ب. دەرکەوتنی هێزی خوداو داناییەکەیەتی .**

بەهرە ڕۆحیەکان دەرکەوتنی هێزی خوداو داناییەکەیەتی وە هێزو کارەکانی تری ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٧) لە ڕێگەی باوەڕدارەوە ، ئەو لە ڕێگەی خزمەتە جیاوازەکانەوە دەردەکەوێت (ئاسایی و نائاسایی) وە جۆرەها کار ( کاریگەریەکان یان بەرهەمی کاری هێزی خودا و داناییەکەی ) .

ج. بەهرەی سنوردار یان دیاریکراو .

بەهرە ڕۆحیەکان هەمیشە سنوردارن و دیاریکراون – پێوەری هەیە ، دیاریکراوە بەپێی پێوەری بەخشینی مەسیح ( ئەفەسۆس ٤: ٧) . هیچ مرۆڤێك هەموو بەهرە ڕۆحیەکانی پێنادرێت ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٩- ٣٠) هەروەها هیچ مرۆڤێك ناتوانێ هەموو شتێک بەدەست بهێنێ بەهۆی بەهرەیەکی ڕۆحی دیاریکراو لە بوارێکی دیاریکراودا ( ئەفەسۆس ٤: ٧) .

**٢. جۆرەها بەهرەی ڕۆحیی .**

ڕۆما ١٢: ٤- ٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ١، ٧ ؛ ١٢: ٧- ١٠ ، ٢٨- ٣٠ ؛ ١٤: ٦، ٢٦ ؛ ئەفەسۆس ٤: ١١ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ بخوێنەوە .

**أ. بەهرە ڕۆحیە باسکراوەکان لە نێو لیستەکانی پەیمانی نوێ دا .**

پەیمانی نوێ باسی نزیکەی بیست وپێنج بەهرەو ئەرکی جیاوازی ڕۆحیی دەکات . ئەم بەهرەو ئەرکانە ئەمانەن : پێشبینی و پێغەمبەرایەتی ، خزمەت ، فێرکردن ومامۆستایەتی ، ئامۆژگاری/ هاندان ، بەشداریکردن لە دابینکردنی پێداویستی کەسانی تر / بەخشین ، ڕابەرایەتی ، بەزەیی ، بێگەردی / زاڵبوون بەسەرخۆدا ، وتەی دانایی ، وتەی زانین ، باوەڕ ، بەهرەی چاککردنەوە ، کاری پەرجوو ، جیاکردنەوەی ڕۆحەکان ، جۆرەها زمان ، نێردراوێتی ، یارمەتیدەر ، بەڕێوەبردن ، ڕاگەیاندنی وشەی خودا ، وتەی فێرکردن ، نوسینەوەی زەبور ، سرودە ڕۆحیەکان ، مزگێنیدەر ، شوان ، وتاردەر .

سەرنج بدە هەندێ بەهرەی ڕۆحی توانای ڕۆحی نیە ، بەڵکو ئەرکە ( خزمەتێکی دیاریکراو). نێردراوان وپێغەمبەران ومامۆستایان بەهرە ڕۆحیەکانیان وەرگرت ، بەڵام بیرۆکەی سەرەکی و مەبەستدار ئەوەیە ئەوانە بەهرەی ڕۆحی تایبەتیان وەرنەگرتوە بەڵکو خودا ئەرکی داوە پێیان لە کڵێسادا . ئیدی بەم شێوەیە کاری نێردراوان وەکو پیر ( کردار ٢: ٤٢ وە ٤: ٣٣ لە ساڵی ٣٠ ز ؛ وە کردار ٨: ١ لەماوەی ٣٠- ٣٤ ز ؛ بڕوانە ١ پەترۆس ٥: ١ لەماوەی ٦٢- ٦٣ ز ) وەکو خزمەتکار ( کردار ٤: ٣٤- ٣٥ لەساڵی ٣٠ ز ) لە یەکەم کڵێسای مەسیحی – کڵێسای ئۆرشالیم .

لیستی بەهرە ڕۆحیەکان خزمەتەکان و ئەرکەکان لە خۆ دەگرێ لە پێناوی بەرەکەت و چاکەی کڵێسا . هەندێ بەهرەی ڕۆحیی ئاسایین بەڵام هەندێکی تر لەسەروو ئاساییەوەن لە سروشتەکەیدا . بەهرەی تایبەت هەیە ( بڕوانە بەهرەی فێرکردن لە ڕۆما ١٢: ٧) هەروەها بڕوانە کۆلۆسی ٣: ١٦ .

**ب. لیستی بەهرە ڕۆحیەکان ئەوانەی لە پەیمانی نوێدا هاتوون گشتگیر نین.**

بە شێوەی بەش بەش هاتون و باسیان کراوە بەڵام مەبەست لەم لیستە ئەوە نیە کە گشتگیر بن . نامەی یەکەمی کۆرنسۆس باسی بەهرە ڕۆحیەکان دەکات ئەوانەی زۆر باو بوونە لە کڵێسادا لەو سەردەمە دیاریکراوەدا بەڵام نامەی ڕۆما باسی بەهرە ڕۆحیەکان دەکات ئەوانەی دەبێت شوێنێکی تایبەتیان هەبێت لە نێو کڵێساداو ڕێزیان لێ بگیرێ.

**ج. ئەو بەهرە ڕۆحیانەی باس بەکراون لە لیستەکەدا.**

لە نێو لیستە جیاوازەکانی دیکەدا بەهرەی تر هەیە کە باس نەکراون لەم لیستەدا . بۆ نمونە باسی بەهرەی مۆزیك و داهێنان نەکراوە لە لیستەکانی پەیمانی نوێ ( بڕوانە دەرچوون ٢٨: ٣؛ ٣١: ١- ٦ ؛ ٣٥: ١٠، ٢٥ ، ٣٥؛ ٣٦: ١ ؛ زەبور ٣٣: ٢- ٣ ؛ ٤٥: ١؛ ٧٨: ٧٢) لەسەروو ئەمەشەوە هەر بەهرەیەکی ڕۆحی بە شێوەیەکی جیاوازو جۆراوجۆر دەردەکەوێت . بۆ نمونە جۆرەها فێرکردن و بەکار هێنانی وتە یان وێنە یان نمایش ، هەروەها ئەو بەهرانەی ئاراستەکراون بۆ تەمەنێکی دیاریکراو وەکو گەنج و منداڵ یان کەمئەندامان ، تاد .

هەموو ئەو بەهرانەی توانایەکی سەرووی ئاساییان هەیە لە بواری خۆیاندا بڕوانە ( ئەفەسۆس ٤: ٧) .

**٣. ئەوانەی چێژدەبینن لە بەهرە ڕۆحیەکان .**

باوەڕدارانی مەسیح جیاوازن سەبارەت بەوەی ئایا هەموو باوەڕدارێك بەهرەی ڕۆحی هەیە یان نا .

**أ. وشەی "هەموو" بە واتا گشتگیریەکەی .**

زۆرجار وشەی "هەموو کەسێك" ( لە یۆنانیدا هیکازتۆز) واتە "هەر مرۆڤێک کە لەسەر زەوی دەژی" ( ڕۆما ٢: ٦) یان " هەموو باوەڕدارێکی سەر زەوی ) ( کردار ٢: ٣٨ ؛ ڕۆما ١٢: ٣؛ ١٤: ١٢) بۆیە هەندێ لە باوەڕداران پێیان وایە وشەی "هەموو" لە ١کۆرنسۆس ٧: ٧؛ ١٢: ٧؛ ١٤: ٢٦ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠ فێرمان دەکات کە مەبەست لە " هەموو باوەڕدارێکە" و هەمووی بەهرەی ڕۆحی وەرگرتوە .

**ب. وشەی "هەموو" بە واتا دیاریکراوەکەی.**

وشەی "هەموو" لە کتێبی پیرۆزدا واتایەکی گشتگیری نیە هەمیشە : "هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی" نمونەش بۆ ئەمە "هەموو" دوڕووان " لۆقا ١٣: ١٥ "هەموو" یەکێك لە هەموان ( یۆحەنا ٦: ٧) وە "هەموو" سەربازێك (یۆحەنا ١٩: ٢٣) وە هەموو ئەو باوەڕدارانەی خاوەن پێویستین لە کڵێسای یەکەمیندا کردار ٤: ٣٥ . بۆیە هەندێ باوەڕداری دیکە پێی وایە وشەی "هەموو" لە ١ کۆرنسۆس ٧: ٧ ؛ ١٢ : ٧؛ ١٤: ٢٦ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠ واتای ئەوە نیە کە هەر دەبێت گشتگیر بێت . کردار ٢٠: ٣١ ؛ ١ سالۆنیکی ٢: ١١ ؛ سەرنج بدە بۆ وشەی "هەموو" لێرەدا ئیدی بەم شێوەیە بڕوانە ١ کۆرنسۆس ٧: ٧؛ ١٢: ٧؛ ١٤: ٢٦ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠ دەکرێ بە واتای دیاریکراو بەکار بهێنرێت . ( ١کۆرنسۆس

١٢: ١١، ٢٨- ٣٠ ) دیسانەوە پێویست نیە بە تەواوی کە ڕۆحی پیرۆز بەهرە ببەخشێ بە هەموو باوەڕدارێك بە بێ جیاوازی .

**٤. نیعمەت و خۆشەویستی گرنترین بەهرەی ڕۆحین .**

**أ. نیعمەت بەهرە ڕۆحیەکان لە خۆ دەگرێ و ئەوانیش تێدەپەڕێنێ .**

ئەفەسۆس ٤: ٧ : " بەڵام بەگوێرەی پێوانەی بەخشینی مەسیح نیعمەت بە هەر یەکێکمان دراوە، " (لە یۆنانیدا وشەی کاریز جیاوازە لە وشەی کاریزما واتە بەهرە ڕۆحیەکان ) بە گوێرەی پێوانەی بەخشینی مەسیح نیعمەت بەهەر یەکێکمان دراوە ، واتە نیعمەتی خودا مەزنترە لە بەهرە ڕۆحیەکان . ڕەنگە هەموو باوەڕدارێك پێوست نەکات بەهرەی ڕۆحی پێ بدرێ بەڵام نیعمەتی خودا پێویستە بۆ هەموان ( ١کۆرنسۆس ٣: ١٠ ) ( ١کۆرنسۆس ١٥: ١٠ ) وە هێزی خودا لە لاوازیدا ( ٢کۆرنسۆس ١٢: ٩ ) یان توانای خودا بۆ نێردراوێتی لەناو نەتەوەکان ( گەڵاتیە ٢: ٩ ) خودا نیعمەت دەبەخشێ هەروەها ئەرك وخزمەت ( بەهرە ڕۆحیەکان ) ئەفەسۆس ٤: ١١ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ ) .

ب. خۆشەویستی بەهرە ڕۆحیەکان لەخۆ دەگرێ وئەویش تێدەپەڕێنێ .

بە بەراورد لە نێوان ١ کۆرنسۆس ١٢: ٣١ أ وە ١کۆرنسۆس ١٢: ٣١ب ، دەبینین پۆڵس ئاماژە بە ڕێگەی خۆشەویستی دەکات ئەوەی باشترە لە حەزکردن بە بەهرە ڕۆحیەکان . ئەمەش واتە ئەگەر بەهرەی ڕۆحی نەبوو باوەڕدار لە کڵێسایەکدا نابێت هاوکات خۆشەویستیشی نەبێت چونکە خۆشەویستی بەهرەیەکی ڕۆحی پیرۆزە دراوە بە هەموو باوەڕداران بەبێ جیاوازی ( ڕۆما ٥: ٥ ؛ تیتۆس ٣: ٥- ٦ ) !

**ج. ڕۆحانی بوون بەهرە ڕۆحیەکان تێدەپەڕێنێ .**

ئەگەر کەسێك بەهرەیەکی ڕۆحی هەبوو وا لەو کەسە ناکات ڕۆحانی بێت! باوەڕدارانی کڵێسای کۆرنسۆس خاوەنی هەموو بەهرە ڕۆحیە ئاسایی و نائاساییەکان بوون لەگەڵ ئەوەشدا هەر جەستەیی بوون و پێگەیشتوو نەبوون و ڕۆحانی نەبوون ( ١کۆرنسۆس ١: ٧ ؛ ٣:١ ) .

خەسڵەتی ڕەسەنی ڕۆحیی پێگەیشتنی ڕۆحیە ( ١کۆرنسۆس ٣: ١-٤ ) وە بەروبومی ڕۆحی پیرۆز لە ژیاندا ( گەڵاتیە ٥: ٢٢- ٢٤ ) . گرنگترین بنەما لە نامەی یەکەمی کۆرنسۆس ئەوەیە کە باوەڕدار هەرچیەکی هەیە بەکاری بهێنێ بەو شێوازەی کە ڕێز لە خودا دەگرێ وخودای پێ شکۆدار دەکات هەروەها نزیکەکەی پێ بونیاد دەنێت ( ١کۆرنسۆس ١٠: ٢٣- ٢٤ ) .

**٥. ئامانج لە بەهرە ڕۆحیەکان .**

چوار ئامانجی ناوازەی بەهرە ڕۆحیەکان ئەوەیە خزمەتی یەکتری بکەین ( ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ ) ، وە بونیادنانی کڵێسا ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٧، ١٤: ١٢ ) ، وە ئامادەکردنی باوەڕداران بۆ کاری خزمەت ( ئەفەسۆس ٤: ١٢ ) ، وە لە کۆتاییدا شکۆدارکردنی خودا لە هەموو شتێکدا ( ١پەترۆس ٤: ١١ ) !

**ب. داواکردنی بەهرە ڕۆحیەکان و جیاکردنەوەیان وهەڵسەنگاندن و پشکنین**

**١. داواکردنی بەهرە ڕۆحیەکان .**

له ۱کۆرنسۆس ۱٤: ۱ ، پۆڵس باوەڕداران فێر دەکات ئەوانەی ڕۆحی پیرۆز بەهرەی ڕۆحی پێداون بە دەسەڵاتی خۆی ( ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۱۱؛ ۲۸: ۳۰) .

ئەو بەهرە ڕۆیانە کامانەن دەبێت باوەڕداران هەوڵی بۆ بدەن و داوای بکەن ؟

سێ پێویستی زۆر گرنگ هەبوون لە کڵێسای کۆرنسۆس دەبێت ببینرێن : گۆڕانکاری لە حەزو ئارەزووی بەهرەیەکی ڕۆحی دیاریکراو ، وە هەوڵدانی بەردەوام بۆ ڕێگەی خۆشەویستی ، وە پێداگری کردن لەسەر بونیادنانی کەسانی تر نەك بونیادنانی خود .

**أ. کڵێسای کورنسۆس پێویستی بە گۆڕانکاری هەبوو لەو حەزو ئارەزوانەی هەیانبوو .**

لە بەشەکانی ۱۲- ۱٤ لە یەکەم کۆرنسۆس پۆڵس دەجەنگێ لەبەرامبەر ئەوانەی خراپ بەهرەی ڕۆحی قسەکردن بە زمانە ڕۆحیەکان بەکار دەهێنێت . کڵێسای کۆرنسۆس ( ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۲۷) زۆر گرنگیان دەدا بە قسەکردن بە زمانە ڕۆحیەکان . جیاوازی کردن لە نێوان بەهرە ڕۆحیەکان دەبێت بەپێی پێوەری خودا بێت نەك مرۆڤانە ( ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۷ -۱۰ ؛ ۱۲: ۲۷- ۳۱) . پۆڵس قسەکردنی بە زمانی ڕۆحی خستە کۆتاییەوە . وە لە ۱کۆرنسۆس ۱٤: ۱- ۳ ، ۱۹ پێغەمبەرایەتی خستە یەکەمەوە ، وە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەباشی ئەو بەهرەیە بەکار بهێنن کە خودا بەخشیویەتی پێیان .

ب. کڵێسای کۆرنسۆس پێویستی بەوە هەبوو بەڕێگەیەکی باشتر ڕێبکات.

وشەی " شوێنکەوتن " لە یۆنانیدا ۱٤: ۱ واتە بیدۆزنەوە هەروەها واتە کارێك کە کۆتایی نایەت .

لەسەروو ئەمەشەوە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان بەهرە ڕۆحیەکان و شێوازی بەکارهێنانی یان قسەکردن پێی ( ۱کۆرنسۆس ۱٤: ۲٦- ۳۳) .

**ج. کڵێسای کۆرنسۆس زۆر پێویستی بە بونیادنانی یەکتری هەبوو نەك خود.**

" ئێوەش بە هەمان شێوەن. لەبەر ئەوەی بە پەرۆشن بۆ بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز، کەواتە هەوڵ بدەن لەو بەهرانە زیاد بکەن کە لە پێناوی بنیادنانی کڵێسایە. " پەرۆش بوون بۆ بەهرە ڕۆحیەکان مەبەستی ئەوەیە ئەوان پەرۆش بوون بۆ ڕۆحەکان نەك بەهرە ڕۆحیەکان ، هەوڵ بدەن لەپێناوی بونیادنانی کڵێسادا ئەو بەهرانە زیاد بکەن .

لەلایەکی دیکەوە ( ۱کۆرنسۆس ۱٤: ۱۳- ۱۹) دەڵێت دەبێت کۆرنسۆسیەکان نرخێکی زیاتر دابنێن بۆ بەهرە تایبەتەکان ئەوەی بەردەوام بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ودوبارە پەیڕەودەکرێ .

**۲. وەرگرتنی بەهرە ڕۆحیەکان .**

کێ یە وشەی کۆتایی لەلایەو بەهرە ڕۆحیەکان دیاری دەکات و دەیدات بە باوەڕداران ؟

خودا دەیدات ، سێ ئوقنومەکە ( باوك و کوڕو ڕۆحی پیرۆز) ، بەهرە ڕۆحیەکان خودا بە نیعمەت و دەسەڵاتی خۆی دەیدات بە باوەڕداران و کارو ئەرکەکان دیاریدەکات ئەوانەت تایبەتن بە کڵێسا ( ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۱۱ ، ۱۸ ، ۲۸؛ ئەفەسۆس ٤: ۷ ؛ عیبرانیەکان ۲: ٤ ؛ ۱پەترۆس ٤: ۱۰) . خودا خۆی بەهرەو ئەرکە ڕۆحیەکان دیاری دەکات بۆ بونیادنانی کڵێسا ( ۱کۆرنسۆس ۱٤: ۱۲ ، ۱۹) .

خودا شوێنی گونجاو و دیاریکراو دیاری دەکات بۆ هەر باوەڕدارێك لە جەستەی مەسیح دا ( ١كۆرنسۆس ١٢: ١٢- ١٨) لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەر باوەڕدارێك جۆرە خزمەتێکی دیاریکراو دیاری ناکات بەڵکو دەبێت هەموو باوەڕدارێك خزمەت بکات ( ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١) ! لەگەڵ ئەوەشدا هەموو باوەڕدارێك دەبێت خۆشەویستی هەبێت ( ١كۆرنسۆس ١٣: ١- ١٣) !

**٣. هەستکردن وجیاکردنەوەی بەهرە ڕۆحەکان .**

چۆن باوەڕداران ئاشکرای دەکەن کە خودا بەهرەی ڕۆحی پێداون؟

گرنگ نیە بەهرەی ڕۆحی ئاسایی یان نائاسایی وەردەگرن ئەگەر ئەرک و ناوەند و خزمەتیان هەبێت .

**أ. بە لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژ .**

فێرکردنەکانی کتێب تێدەگەم سەبارەت بە بەهرە ڕۆحیەکان وخەسڵەت و کارەکانی و ئەرکەکانی .

**ب. بە خزمەتکردن لە جەستەی مەسیحدا .**

ڕۆدەچمە نێو خزمەتە جۆراوجۆرەکانی مەسیحیەت ، وەکو فێرکردنی منداڵان ، ڕابەرایەتی کردنی گەنجان ، وە کاری بەزەیی لەگەڵ پەککەوتەکان و لاوازەکان ، وە هاندانی ئەو خەڵکانەی کێشەیان هەیە ، وە مزگێنیدانی ئینجیل ، تاد .

**ج. بە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ خزمەتەکەی نەك تەنها شایستە بوونی و حەزەکانی .**

بەهرەی ڕۆحی توانایەکە هانت دەدات کە خزمەت بکەیت لە بوارێکداو ئەو بەهرەیە بەکار بهێنی تیایدا .

**٤. هەڵسەنگاندنی بەهرە ڕۆحیەکان .**

چۆن دەبێت باوەڕدار بڕوانێتە خۆی لە کڵێسادا ؟

جیاوازی زۆر هەن لە نێو باوەڕداراندا کە خودا بە دانایی و بایەخدانی خۆی دابەشی کردوەو بەخشیوەیەتی بەسەر هەر یەکێکیاندا ( ڕۆما ١٢: ٣- ٦ ؛ ١كۆرنسۆس ١٢: ٤- ٧ ، ١٤- ٢٧) . هەروەها جیاوازی لە نیعمەت بۆ هەر یەکێک لە باوەڕداران ( ئەفەسۆس ٤: ٧) وە کاریگەریەکانی ڕۆحی پیرۆز ( ١كۆرنسۆس ١٢: ٤- ٧) .

**أ. ساکاری زۆر پێویستە .**

پۆڵس دەڵێت : " ... با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی نەکات " ئاماژەیە بۆ لوتبەرزی و حەزی مرۆڤ بۆ شتێك کە هی ئەو نیە ، یان ئەو دەسەڵاتەی کە بۆ ئەو نیە لە ڕاستیدا ، هیچ مرۆڤێك بێ کەموکوڕی نیە کاتێ دەڕوانێتە خۆی لە ناخیدا ڕەنگە خۆی بە گەورەتر بزانێت .

بۆیە پۆڵس دەڵێت " بەڵکو لە نرخاندن هۆشیار بێت، بەو بڕە باوەڕەی خودا بە هەر یەکێکی بەخشیوە. " (ڕۆما ١٢: ٣) ئاماژەیە بۆ ساکاری ، دەبێت باوەڕداران پێیان وا نەبێت کە بەهرەی ڕۆحیان هەیە لە کاتێکدا بەهرەکەیان نیە لە ڕاستیدا . چونکە زیادەڕۆیی لە نرخدانان بۆ خودو هەروەها ساکاری درۆ

هەردوكیان گوناهەن ، دەبێت باوەڕداران كاتێ هەڵسەنگاندن دەكەن بۆ خۆیان لەسەر بنەمای خودی خۆیان نەبێت بەڵكو ئەو بڕە باوەڕەی كە خودا داویەتی بە هەر یەكێك .

**ب. باوەڕ زۆر پێویستە .**

"باوەڕ" ئەوەی لە ڕۆما ١٢: ٣ هاتوە ئاماژەیە بۆ باوەڕ بە واتای كەسێتی ئاسایی واتە متمانە یان دەستگرتن بە بەڵێنی خوداوە . بەڵام پۆڵس مەبەستی ئەوە نیە كە بەپێی پێوانەی باوەڕ كە خودا دابەشی كردوە بەسەر هەریەكێك بەڵكو مەبەستی لە جۆرایەتی و بڕی باوەڕە .

هەموو باوەڕدارێك بە نیعمەتی خودا "بڕێك باوەڕی " پێدەدرێت كە تایبەتە بە خۆی بەو پێیەی ئەو ئەندامێكی جەستەی مەسیحە .

**ج. خەسڵەتەكانی بەهرە ڕۆحیەكان**

دابەشكردنیان تەنها بژاردەیەو پوختەیەكی كورتە .

بڕوانە بەهرە ڕۆحیەكانی زیاتر لە ڕێبەری ڕێنماییەكانی ٧ ، پاشكۆی ٤.

**١. نێردراوان .**

**أ. نێردراوانی مەسیح ( مەرقۆس ٣: ١٣- ١٩ ؛ كردار ١؛ ٢١- ٢٢ ؛ ١كۆرنسۆس ٩: ١؛ بینین ٢١: ١٤) .**

نێردراوانی مەسیح زۆر بێهاوتا بوون ، هیچ كەسێك جێگرەوەیان نەبوو ، نێردراوانی مەسیح شایەتحاڵی مەسیح بوون ، وە دامەزرێنەری كڵێسای مێژوویی بوون لە جیهاندا .

**ب. نێردراوانی كڵێساكان ( ٢كۆرنسۆس ٨: ٢٣؛ فیلیپی ٢: ٢٥).**

نێردە یان نوێنەری كڵێسا نێوخۆییەكان دەنێردران بۆ بەجێگەیاندنی ئەركە تایبەتەكان . دەكرێ ئەم دەستەواژەیە بەم تێگەیشتنەوە بەسەر نێردراوانی ئەمڕۆشدا پەیڕەوبكرێت ، ئەوانەی مزگێنی ئینجیل ڕادەگەیەنن و كڵێسای نوێ دەچێنن و بونیادی دەنێن ( كردار ١٤: ١٤؛ ڕۆما ١٦: ٧ ؛ گەلاتیە ١: ١٩).

٢. ئاشكراكردن و پێغەمبەران و پێشبینی .

وشەی "ئاشكراكردن" ١كۆرنسۆس ١٤: ٦، ٢٦ واتە ئاشكراكردنی شتێكی نوێ و تایبەت لەڕێگەی پێشبینیەوە ( بڕوانە ٢ كۆرنسۆس ١٢: ١ ؛ بینین ١: ١، ١٠ ، ١٢) .

"پێغەمبەرایەتی" ئاشكراكردن یان قسەكردن بە فەرمانێك كە وخودا پێشتر ڕایگەیاندوە . یان قسەكردن و وتار بەهۆی "سروشی" ڕۆحی پیرۆز. ئەم وشەیە بەسێ واتا بەكار دێت لە كتێبی پیرۆزدا :

١. پێغەمبەرانی پەیمانی كۆن ئەوانە بوون ئاشكراكردنیان كردو بانگەوازیان كرد بە ئاشكردنەكەی خودا لە پەیمانی كۆندا.

ئەو پێغەمبەرانە كەرەستەیەك بوون بۆ ئاشكراكردنی نوێ ، بە وشەكانی خودا قسەیان دەكرد ! وتەبێژ بوون بەناوی خوداوە ، وشەكانیان هەمان دەسەڵاتیان هەبوو . ئەوان بێهاوتا بوون ، پێغەمبەرایەتی

بەهرەیەکی ڕۆحیە و لەماوەی پەیمانی کۆندا بۆ ئەو خزمەتە کەسانێك لەلایەن خوداوە دەستنیشان دەکران ( مەتا ١١: ١٣) . وە پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن بەو پێیەی وتەبێژی خودا بوون و خواست و ئاشکراکردنە نوێیەکانی ئەویان ئاشکرا دەکرد و ئاراستە دەکرد بۆ خەڵکی جیهان ئیدی جێگرەوەیان نیە !

ئیدی هیچ پێغەمبەرێك تواناو توانستەکانی ئەوانیان نیە ، چونکە ئاشکراکردنی خوداو پلانەکەی کە دەستی پێکرد لە ڕێگەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆنەوە لە عیسای مەسیحدا تەواوکرا ( یۆحەنا ١: ١٨ ؛ عیبرانیەکان ١: ١- ٢ ) وە لە شایەتیدانەکەی نێردراوانی مەسیح ( یۆحەنا ١٦: ١٣- ١٥) ئەم ئاشکراکردنانەی پێغەمبەران نوسرانەوە لە کتێبی پیرۆزدا . وە یاسا یان لیستی ٦٦ سیپارە کە لە کتێبی کتێبی پیرۆزدایە داخرا لە ماوەیەکی درێژەوە ، ئیدی کەس ناتوانێ وشەیەك زیاد بکار بۆ وشەکانی خودا یان سیپارەیەك زیاد بکات بۆ کتێبی پیرۆز ( بینین یۆحەنا ٢٢: ١٨- ١٩)!

**ب. پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ خواستەکانی خودا لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ئاشکرا دەکەن.**

پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ بێهاوتان . ئەم بەهرەیە ئەرك بوو (خزمەتێک بوو کەسێك لەلایەن خوداوە دەستنیشانکراوبوو ، بڕوانە کردار ١٥: ٣٢- ٣٣) لەماوەی یەکەمی تەنها کڵێسای پەیمانی نوێ . پێش تەواوبوونی نوسینەوەی پەیمانی نوێ ئەوانە ماوە ماوە خواستەکانی خودایان ئاشکرا دەکرد کە دەیویست بۆ کڵێسا بیزانن یان کاتی پێبکەن لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ، وە پێغەمبەرایەتیان دیاریکراو بوو. لەگەڵ ئەوەی نێردراوەکانی مەسیح خاوەن بەهرەی پێغەمبەرایەتی بوون ، بەڵام پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ نێردراوی مەسیح نەبوون ،لەگەڵ ئەوەی نێردراوانی مەسیح ئاشکراکردنی زۆر گرنگیان پێدەدرا بۆ کڵێسا لەماوەی پەیمانی نوێدا (١کۆرنسۆس ١٥: ٣؛ گەلاتیە ١: ١١- ١٢ ، ١٦) ، بەڵام پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ ئەو ئاشکرا کردنە گرنگانەی پێنەدەدرا وەك ئەوانی تر ( کردار ١١: ٢٧- ٢٨ ؛ ١٣: ١- ٤ ؛ ٢١: ١٠- ١١) .

پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ قسەیان دەکرد بۆ بونیادنانیان وهاندان ودڵنەوایی ویارمەتیدانیان ( ١کۆرنسۆس ١٤: ٣؛ کردار ١٥: ٣٠- ٣٢) یان بۆ هۆشداریان ( ١کۆرنسۆس ١٤: ٣ ؛ کردار ١١: ٢٧- ٢٨ ؛ ٢١: ١٠- ١١) وشەی "پێغەمبەرایەتی" بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیە بۆ بونیادنان و ئامۆژگاری (هاندان) ( دڵنەوایی) ١کۆرنسۆس ١٤: ٣) نەك بۆ ئاشکراکردنی نوێ ( کردار ١٣: ١- ٤) .

نێردراوەکانی مەسیح کەرەستەی مەسیح بوون لە ئاشکراکردن ونوسینەوەی هەموو پەیمانی نوێ ( یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ ١٦: ١٣- ١٥؛ ٢٠: ٣١) . بەپێچەوانەوە دەبینین ژمارەیەکی کەم لە پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ پەیمانی نوێیان نوسیوەتەوە ( کردار ١١: ٢٨؛ ٢١: ١١) . ( کردار ٢: ٤٢؛ ٢تیمۆساوس ١: ١٣ ؛ کردار ١٦: ٤؛ فیلیپی ٤: ٩؛ ١ کۆرنسۆس ١٤: ٢٩- ٣٣) .

**ج. بەهرەی پێغەمبەرایەتی ئاشکراکردنە لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆحی پیرۆزدا بۆ فەرمانێك کە پێشتر ئاشکرا کراوە لە مزگێنیدان وفێرکردنەکانی نێردراوانی مەسیح .**

"پێغەمبەرایەتی" (ڕۆما ١٢: ٧) توانا یان ئەرکێکی تایبەتە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیە کتێبیەکان (ئامۆژگاری) لە پێناوی بونیادنان وهاندان ودڵنەوایی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە باوەڕداران ( ١کۆرنسۆس ١٤: ٣ ؛ کردار ١٥: ٣٢) . یان لە پێناوی بونیادنانی کڵێسا کە لەشی مەسیحە ، لە ڕێگەی ئامادەکردنی

ئەندامەکانی کڵێساوە بۆ کاری خزمەت ( ئەفەسۆس ٤: ١٢) . ئەوان بە ڕوونی دەدوێن ( ١کۆرنسۆس ١٤: ٨) ، وە بەهێزەوە ( کردار ٦: ١٠ ؛ ١سالۆنیکی ١: ٥) .

زۆرجار "پێغەمبەرایەتی" ئاشکراکردنی بیری خەڵک و حەزو هەڵوێست و وتەو کارە شاراوەکانیان لە خۆی دەگرێ . ڕۆحی پیرۆز وتاری باوەڕداران بەکار دەهێنێ ئەوانەی بەهرەی پێغەمبەرایەتیان هەیە یان فێرکردن یان بەشداریکردن بەهەندێ بیرۆکە یان ڕاوێژوئامۆژگاری پێشکەش کردن لە بابەتە شاراوەکان یان بانگکردنی کەسانێك بۆ تۆبە کردن یان بانگ کردنی باوەڕدار بۆ گۆڕینی هەندێ شت لە ژیانیدا کاریگەری ئەم جۆرە پێغەمبەرایەتی و پێشبینیانە ئەوەیە گوناهەی کەسی بەرامبەر ئاشکرا دەبێت ( ١کۆرنسۆس ١٤: ٢٤- ٢٥) دەکرێ ئاشکراکردنی گوناهە بە ئاشکرا لەنێو کڵێسادا بێت ( کردار ٥: ٣- ٤) ، یان لەسەر ئاستێ کەسێتی و لەنێو دڵدا بێت ( کردار ٢: ٣٧ ؛ یۆحەنا ١٦: ٨) !

**٣. مامۆستایان وفێرکردن .**

**أ. ئەرکی مامۆستا یان توانایەکی تایبەت لە فێرکردندا.**

"مامۆستا" ئەرکە ( کەسێك دەستنیشان دەکرێ بۆ خزمەت لەلایەن خوداوە) ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٨؛ ئەفەسۆس ٤: ١١؛ ٢تیمۆساوس ١: ١١) ، یان توانایەکی تایبەتە لە کڵێسادا ( ڕۆما ١٢: ٧) . مامۆستایان ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز دەگەیەنن بەشێوەیەکی تایبەت بە باوەڕداران ، فێرکردن لە چواچێوەی ئەرکە ئاساییەکانە ، وە مامۆستایان خزمەتکاری ئاسایین (نەك نائاسایی) لە کڵێسای پەیمانی نوێدا.

هەندێ باوەڕدار خودا دەستنیشانی دەکات بۆ ئەرکی "مامۆستایەتی" یان "مامۆستاو شوان" ( ئەفەسۆس ٤: ١١) بەڵام دەبێت ئاگادار بن ئەرکی مامۆستایەتی لە کڵێسادا بەرپرسیارێتیەکی مەزنە ( یاقوب ٣: ١) . ( ڕۆما ١٢: ٧) . بەڵام هەموو باوەڕداران بانگکراون بۆ ئەرکی مامۆستایەتی و فێرکردنی یەکتر ( مەتا ٢٨: ٢٠؛ کۆلۆسی ٣: ١٦) .

**ب. ئەرکی مامۆستایان لە کڵێسادا.**

عەزرا ٧: ١٠ بخوێنەوە . یەکەمین ئەرکی مامۆستا لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆزە بە وردەکاریەوە تاکو دڵنیا بن لە هەموو ڕاستیەکانی نێو کتێبی پیرۆز . ( کردار ١٧: ١١) ، ئەرکی دووەم بۆ مامۆستایان ئەوەیە پەیڕەوکردن و کارکردنە بەو فێرکردنانە ، ئەوان دەبێت بە هەمان ڕاستی بژین کە باسی لێوە دەکەن و خۆیان بکەن بە نمونە لەو بارەیەوە (مەتا ٢٣: ٢- ٤ ڕۆما ٢: ٢١ ؛ ١تیمۆساوس ٤: ١٢ ؛ تیتۆس ٢: ٧- ٨) . ئەرکی سێ یەمی مامۆستایان ئەوەیە بە دەسەڵاتەوە فیرکردنی پێشکەش بکەن لەبارەی ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆزەوە بەبێ لادان لە واتای سەرەکی و خواستی خودا لە بنەمادا ، ( مەرقۆس ١: ٢٢ ؛ کردار ٨: ٣٠- ٣١؛ ٢٠: ٢٠ ، ٢٧ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١٥) . وە فێرکردنەکان باوەڕدارانی نوقێ دەکات بە قوتابی نوێی مەسیح و وایان لێ دەکات گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی مەسیح بن و وایان لێدەکات ئەوانیش کەسانی تر فێر بکەن ( مەتا ٢٨: ٢٠ ؛ لۆقا ٦: ٤٠ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢) .

**ج. شوێنی مامۆستایان لە کڵێسادا .**

خزمەتی پێغەمبەران و مامۆستایان گرنگترین خزمەتن لە دوای نێردراوانی مەسیح ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٨ ؛ ئەفەسۆس ٤: ١١) . چونکە نێردراوانی مەسیح و پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ ئەرکێکی دیاریکراویان هەبوو دەبوو جێبەجێی بکەن لە ماوەی کڵێسای یەکەمی پەیمانی نوێ ، بەڵام ئەرکی

مامۆستا یان ئەرکی فێرکردن و بەهرەی فێرکردنی ڕۆحی شوێنێکی بەرزی هەیە لە کڵێسادا لەسەر ئاستی جیهان . چونکە باوەڕداران بونیاد دەنێن لەسەر ڕاستیەکانی خودا !

**٤. مزگێنیدەران .**

"مزگێنیدەر" ئەرکێکە یان توانایەکی تایبەتە بۆ خزمەتکردن لە کڵێسادا و هەندێ کەس دەستنیشان دەکرێن بۆ ئەم ئەرکە ( ئەفەسۆس ٤: ١١ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٥؛ کردار ١١: ٢٤) . مزگێنیدەر موژدەی ئینجیلی ڕزگاری عیسای مەسیح جاڕ دەادت بۆ بێباوەڕان بە چالاکی ، بۆئەوەی خەڵکی ڕزگاریان بێت و ژمارەی باوەڕداران زۆر بێت لە کڵێسادا، هەندێ باوەڕدار بانگکراون تاکو ببنە مزگێنیدەر ( ٢ تیمۆساوس ٤: ٥) ، وە هەندێکی دیکەیان بەهەری مزگێنیدانی ڕۆحی هەیە ، بەڵام هەموان بانگکراون بۆ بەشداری کردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆش و دروێنەی گیانەکان ( یۆحەنا ٤: ٣٥- ٣٨) !

**٥. شوان .**

"شوان" ئەرکێکە کەسێك دەستنیشان دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە ئەنجام بدات ( کردار ٢٠: ٢٨؛ ئەفەسۆس ٤: ١١؛ ١پەترۆس ٥: ١- ٤) وە توانایەکی تایبەتە لە کڵێسادا . شوان خواردن و پاراستن وچاودێری و ڕێنمایی پێشکەش بە باوەڕداران دەکەن لە ەبڕێوەبردنیان لە گەشە و تەندروستی ڕۆحی . وە بایەخ دەدەن بە منداڵ وهەژارەکان و خۆشەویستیان پێشکەش دەکەن ، هەندێ باوەڕدار بانگکراوە بۆ شوانایەتی و هەندێکیشیان بەهرەی ڕۆحی شوانایەتیان دەدرێتێ ، بەڵام هەموو باوەڕداران بانگکراون تاکو بەشداری بکەن لە بایەخدان بە یەکتری ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٤- ٢٦) .

**د. بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی بەهرە ڕۆحیەکان بۆ بونیادنانی کڵێسا .**

**١. بەهرە ڕۆحیەکان و خزمەتەکانی کڵێسا .**

چۆن دەبێت باوەڕدار بەهرەی ڕۆحی بەکار بهێنێت بۆ چاکەی باوەڕدارانی تر ؟

**أ. باوەڕداران پێویستیان بە خزمەتکردنی یەکترە .**

هەموو ئەندامێکی کڵێسا زۆر گرنگە خزمەتی ئەوانی تر بکات ، وە هەموو ئەندامێکی کڵێسا پێویستی بە خزمەتی ئەوانی تر هەیە ، بەمەش خزمەتکەمان بۆ یەکتری بە بەهرە ڕۆحیە ئاسایی و نائاساییەکان گوزارش دەبێت لە خۆشەویستیمان بۆ یەکتری .

**ب. بەهرەی فێرکردن وەکو نمونە .**

وەکو نمونە بەهرەی فێرکردن بەکاردەهێنین لەمبارەیەوە : دەبێت هەموو باوەڕداران ئەگەر بەهرەی فێرکردنی ڕۆحیان هەبێ یان نا بەشدار بن لە خزمەتی فێرکردنی ئاسایی ( مەتا ٢٨: ٢٠؛ کۆلۆسی ٣: ١٦) . دەبێت هەموو باوەڕداران فێرکردن پێشکەش بکەن بەڵام هەندێك باوەڕدار بەهرەی فێرکردنی ڕۆحیان دەدرێتێ ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٩) . ئەوانەی بەهرەی فێرکردنی ڕۆحیان پێدەدرێت بەرپرسیارن لە بەکارهێنانی ئەم بەهرەیە لەم سێ کارەدا :

*دەبێت خزمەتی باوەڕدارانی دیکە بکەن بە فێرکردنەکانیان. * دەبێت ببنە نمونە بۆ باوەڕدارانی تر سەبارەت بەو شێوازەی فێرکردنەکەی پێ ئەنجام دەدەن. * باشترە بتوانن ، باوەڕدارانی دیکە ئامادە بکەن و ڕهێنانایان پێ بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش خزمەتی باوەڕدارانی تر بکەن لەوبارەیەوە.

**ج. بەهرەی بەزەیی وەکو نمونە .**

دەبێت هەموو باوەڕداران بەشداری بکەن لە خزمەتی بەزەییدا ، چونکە ئەوان بانگکراون وەك سامیریە چاکەکە بن ویارمەتی ئەوانە بدەن خاوەن پێویستین (لۆقا ١٠: ٣٧) .

**٢. بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز و بەروبومی ڕۆحی پیرۆز .**

وەدەست هێنان وبەکارهێنانی بەهرە ڕۆحیەکان بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ ڕۆحی بێت یان پێگەیشتوو ، کڵێسای کۆرنسۆس ئەم بەهرانەیان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆحی و پێگەیشتوو نەبوون ( ١کۆرنسۆس ١: ٧) بەڵکو جیهانی و منداڵ بوون لە مەسیح دا ( ١ کۆرنسۆس ٣: ١- ٤) ! پەیڕەوکردنی بەهرە ڕۆحیەکان بەبێ خۆشەویستنی باوەڕدارانی تر بێ سودەو هیچ نرخێکی نیە لەبەرچاوی خودا ( ١کۆرنسۆس ١٣: ١- ١٣) .

بەڵگەی ڕاستەقینە بۆ ژیان بەڕۆحی پیرۆز و هەڵسوکەوت بەڕۆحی پیرۆز و دەسەڵاتی ڕۆحی پیرۆز و ڕابەرایەتی کردنی ڕۆحی پیرۆز بەکارهێنانی بەهرە ڕۆحیەکان نیە بەڵکو دەرکەوتنی بەروبومی ڕۆحی پیرۆزە لە ژیانندا ( گەلاتیە ٥: ٢٢- ٢٣) . ئەگەر هەندێ بەهرەی ڕۆحی لە ژیانتدا یان لە کڵێساکەتدا نەبوو بەڵام بەروبومی ڕۆحی پیرۆز بەتایبەتی خۆشەویستی دەبێت هەبێت !

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ ( ٨ خولەك ) نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست" زۆرکردنی باوەڕداران وکڵێسا" .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە عیبرانیەكان ١١-١٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : ڕۆژانە بەو پێنج دوایین ئایەتەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون لە ئینجیلی یۆحەنا .
٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لەماڵەوە : یۆحەنا ١٦. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەكانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەكانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی كڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە كە پەیوەندیان بە كاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەكانی لەبەركردن و فێركردن و ئامادەكاری یەوە.